## ژن لە ڕووانگەی کۆمەڵگەی کوردیدا

هەموو بونەوەرێک لە رێگەی جوت بونی نێرو مێ دێتە دنیاوە تا بەردەوامی بە ژیانی ئەوبوونەوەرە بدرێت،مرۆڤیش یەکێکە لەو زیندەوەرانە هەربەرێگەی جووت بوونی نێرومێ وە هاتۆتە دنیاوە، لێرەدا جیاوازی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر لە جیاوازی دەولەمەندی عەقلدایە، بۆیە مرۆڤ هەموو پەیوەندیەکانی بە جۆرێک رێک دەخات کە دەچێتە شێوەی قانون، سیستێم، مەزهەب ... ئەمانەش کار لە پێناو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن بۆ بەدەست هێنانی کۆمەڵگەیەکی دروست. مرۆڤیش کە دەوڵەمەندی عەقڵە بە ئاسانی گوناهەکان دەناسێتەوە لە هەمان کاتیشدا دەیکات، لێرەدا کەسانێک خۆش گوزەران و بەرژەوەند دەبن وبەرامبەرەکەشی بە پێچەوانەوە توشی نەهامەتی سەرگەردانی دەبێت. پرسیارلێرەدایە ئایە ئەوە لە خودی خۆپەرستی مرۆڤەکانەوە هاتووە، یان غەریزەی مرۆڤەکانە وا دەکات حەز لە یەکتر نەکەن.

هەر ئەمەشە وا دەکات کە بەدرێژایی مێژووی کۆمەلگە نایەکسانی هەربەردەووام هەبێت لە هەموو روویەکەوە، جا ئەم نایەکسانیە لە کۆمەلگەیەکەوە بۆ کۆمەلگەیەکی تر جیاوازە بە پێی جیاوازی کولتورو شارستانی و رادەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لەو کۆمەلگەیەدا.

ئێمەی کوردیش کە کۆمەلگەیەکی فەلاحین دەکرێ نا یەکسانی مافی مرۆڤەکان زۆر زەق تر دەرکەوێت لە کۆمەڵگەیەکی شارستانی تر.

لە کۆمەلگەی کوردیدا گەر بڵێم قاتو قوڕی هوشیاری ۆ رۆشنبیریە پێم وابێ کەس پێم نالێ درۆ دەکەی فەرهەنگیشمان دوکەڵێکی پەنگ خواردوی ئاسەواری جەنگە، ئەمانە کاریگەری راستەوخۆی لە سەر هەڵسوکەوت و شێوازی ووت و وێژی مرۆڤەکانەوە داناوە، بە نمونە رۆژانە

چەندەها ووشەی ناشرین بەر گوێمان دەکەوێت ئەو ووشانەش زیاتر بە لەشی ژن دەدرێت ، جوێنەکان بە بەشە بارزە دەرپەریوەکان نادرێت ووەکو سەرو گوێچکەو چاوو لوت و مەمک و دەست و قاچ بەو بەشانە دەگوترێت کە کراوەن و سێکسی لە رێگەوە دەکرێت وەک ئەندامی زاوزێ، کۆم، دەمولێو، لە هەمانکاتیشدا بە کۆمو دەمولێوی پیاو دەدرێت بەلام بە زەکەری نادرێت.

ئالێرەدا دەتووانین بلێین پەیوەندی سێکس کراوەتە دوو رۆل..

رۆڵی یەکەم

پیاوە کە خاوەنی دەسەڵات و بریاردەرە پێی دەگوترێت دەیکات.

رۆڵی دوهەم

ژنە کە کاڵایەکە دەدرێت بە پیاوەکە پێی دەگوترێت دەیدات.

دەکرێت بەشێکی کەم لە ژنەکان لە رۆڵی یەکەمدابن ،لەم حالەتەدا ئەم جۆرە ژنانە سەروەرن بۆ خێزانەکانیان.

هەر وەک چۆن ژن لە رۆلی یەکەمدا هەیە پیاویشمان لە رۆڵی دووەمدا هەیە، کارەساتەکە لێرەدایە کە جۆری ئەم پیاوانە زۆرتر لە ژنانی رۆڵی دووەم فشاری کۆمەلگەیان لەسەرە، چونکە ئەمانە هەردوورەگەزەکە واتە نێرەو مێ دژایەتی دەکەن.

ئا لێرەدا دەکرێت بڵێین توندو تیژی لە دابەشبونی رۆڵی سێکسەوە سەرچاوەی گرتووە بێ جیاوازی رەگەز، لێرەدا دەکرێت واز لە ووشەی پیاوسالاری و باوک سالاری بهێنین ئەو دوو ڕەگەزە ببنەوە دۆستی یەکتر بە رێزگرتن وقبوڵ کردنی سروشتی یەکتر. ئازادی و دەسەڵاتی پیاوهێندە لەبەر چاودایە ژن بۆ سەپاندنی بوونی خۆی وەک مرۆڤ و یەکسان بوونی مافەکانی بە مافەکانی پیاو پەنا دەباتە بەر کردنی ئەو کارانەی کە

پیاو کردوونی وەک کاری ماسولکەیی و شۆڕشگێرایەتی بە چەک وپۆشینی جل و بەرگی پیاوانە. دیسان ئەم کارانە بە بێ ئاگایی زیاتر شەرعیەت بە دەسەڵاتی پیاو دەدات، مانای وایە ژن وەک ڕووکەشی پیاو دەبێت مرۆڤێکی ئازاد بێت، دەنا وەک خودی ژن مرۆڤێکی ئازاد نیە، گەر خوودی ژن ئازادبیت پێویست ناکات بۆ ئازاد بوونی خۆی بچێتە ڕۆڵی پیاوانەوە.

خودی دەسەڵاتی پیاو بە هەموو شێوازێک و لە هەموو بووارێک دا ڕەنگی داوەتەوەو بوونی هەیە، هەر خۆشیان دەسەڵاتی یەکەمن لە پەیوەندی سێکسیش دا، جا کە دەگەنە تەمەنەکانی سەرو کە بە سویدی پێی دەگوترێت Krisålder باری دەرونی پیاوان بە سەدان جار زیاتر لەباری دەرونی ژنان خراپتر دەبێ.

ژنان قبوڵی تەمەنی خۆیان دەکەن و پەنا دەبەنە بەر یارمەتی پزیشکی، پیاوانیش هەست بە هەرەسی سەرچاوەی دەسەڵاتی دەکات کە سێکسە بۆیە پەنا دەباتە بەر هێنانی ژنی زۆر گەنج تر لە خۆیان تا بیسەلمێنن کە هەر خاوەنی دەسەڵاتی سێکسین و بکەرێکی بەهێزن واتە پیاوەتی خۆیان لە وێدا دەبیننەوە. بۆیە گەرمی و ساردی بازاری ژنیش بەستراوە بە تەمەنیەوە. بەم شێوەیەش ناویان بۆ تەمەنەکانی ژن داناوە .

1. کچی تەمەن چواردە بۆ بیست ساڵە پێی دەوترێت گوڵ بە دەمە، دەنکە هەنارە وواتە وەک سەوزەو میوە ڕێکلامی تەڕی و ئاوداری بۆ دەکرێت گەر نەش چووبێتە پرۆسەی هاوسەرگیریەوە دەڵێن بووخچەی نەکراوەیە ،سەرمۆرە واتە سێکسی نەکردوە کەسایەتیەکەی لە ڕێگەی ئەندامانی لەشیەوە کە سێکسی لێوە دەکرێت پێناسە دەکرێت.

2. کچی تەمەن سەروبیست سالە تا سی سالە پێی دەگوترێت گەییوە گەر فریای خۆی نەکەوێ بۆگەن دەکات و بەسەردەچێت،واتە دواتر هەوەسی پیاوەکان لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنیدا نامێنی .

3. کچی تەمەن سەرو سی تا چل وپێنج ساڵە پێی دەگوترێت قەیرە کچ. قیتار جێی هێشتووە تلْپەی تەڕی تیانەماوە.واتە توانای سێکسی نەماوەو پیاوانیش نایانەوێ.

گەر ژنێکیش جوان بێت دەڵێن خۆشەو بە پێی دەموچاوو باڵای وەسف دەکرێت بە دوور لە پێناسەی کەسایەتیەکەی وەک مرۆڤ چاوی بە نێرگزو گوڵ ، برۆی بەمانگی کەوانی ، قژی ئاوریشی، باڵای بەرزی وەک چنار، مەمکی سێوی خڕو ڕەقە ئەم شێوازە دەربڕینە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەی تاکی کورد و زمانی ئەدەبیات دا دەردەبڕێت، بێ لە مانەش ژن بە پێێ ماوەی درێژخایەنی هاوسەرگیری ناوی تایبەتی هەیە وەک کچبێوەژن ئەو ژنانەن کە ماوەیەکی کورت لە پرۆسەکەدا دەمێننەوەو گەنجن بە هۆکاری مێرد مردن بێت یان جیا بونەتەوە.

بێوەژن ئەو ژنانەن کە ماوەی هاوسەرگیریان درێژخایەن بووە. ئەمانیش هەر بە هەمان هۆکارێ جیا بونەتەوە یان مێردیان مردوە. مێرد مردوەکان فشاری کۆمەڵگەیان لەسەر کەمترە بە بەراورد بە ژنە جیا بوەکان لەشی ئەم ژنانە وەک کاڵایەکی بێ نرخ دەبینرێت و دەسکەوتنیشی ئاسانە یان وەک ئاژەڵێکی دەستەمۆ سەیر دەکرێت واتە زۆر بە ئاسانی بۆ یاری دەستی پیاوان دەستەمۆن لە شیعرێکی کاک پشکۆنەجمەدیندا کە گللەیی لە شۆڕش دەکات بە ئاشرا دەڵێت بێ بەشبووم لە گرتنی مەمکی دەستەمۆی بیوەژنێ کاتێ کە سەرقاڵی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بوە. کاتێکیش کە ئەم ژنانە دەچنەوە پرۆسەی هاوسەرگیری ڕێ و ڕەسمی بۆ ناگیرێت بە بێ دەنگی و کەس پێیان نازانێت لێرەدا دەردەکەوێت ئەو ئاهەنگە تەنها بۆ بەزاوابوونی پیاوەکەیە کە خۆی یەکەم کەس و یەکەم دەسەڵاتی سێکسە لە کردنی کچێک بە ژن وەک لە ئاهەنگی هاوسەرگیری کچەکاندا دەبینرێت کە خێزانی کوڕەکە خاوەنی ئاهەنگەکەن خێزانی کچەکەش وەک لە

ماتەمینی کچەکەدا بن وایە پیاوانی سەر بە بوکوکە بەشداری زەماوەندەکە نابن.

لێرەدا پەردەی کچێنی ئەمانەتی تیرەو تایەفەیە بۆیە دەبێت زۆر بە پارێزراوی بدرێتە دەست ئەو پیاوەی کە هەر تیرەو تایەفەکە بۆیان هەڵبژاردوە گەرنا ئەوا ژنە دەکەوێتە بەر توندو تیژی. لە هەمان کاتدا پیاوەکە سەربەستە لە هەڵبژاردنی هەر ژنێک گەر کوردیش نەبێت بە جۆرێکیش پێناسەی دەکەن کە ئەمان گۆلیان لە میللەتێکی تر کردوە ئازادیشن لە پەیوەندی سێکسی گەر شێوەی یاسایشی لە خۆ نەگرتبێت بە تایبەت لە هاندەران، کە ئەمە مەحاڵە بۆ کچەکان گەر کچە کوردەکانی هاندەران بکەونە حالەتی وا کە کچینی لە دەست بدەن دەکەونە بەر توندو تیژی ونا چار دەکەونە بەر دورینەوەی ئەندامی زاووزیان. بە دەگمەنیش خێزانە کوردەکان قبولّی ئەوە دەکەن کە کچەکانیان کوڕێکی بەدەر لە کورد هەڵبژێرێ لێرەدا لەشی ژنەکە لە ئەمانەتی تیرەو تایەفە دەردەچێت دە بێت بە ئەمانەتی میللەتێک .

دەمەوێ لێرەدا چەمکێ بخەمە ڕوو کە کەسی تر خۆی لە قەرەی نەداوە باسیشی لێوە ناکرێت، منیش بۆ خۆم بە دوایدا نەچووم بەڵام کاتێ کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ پێنج ژنی کورد کرد و هۆکار جیابوونەوەیان کە زۆرینەی کەسانی کورد هەڵوەشاندنی خێزانەکانی ئەوروپا دەیگەرێننەوە بۆ ئەو ئازادیەی ژن کە لە هاندەران کە هەیبانە کاتێکیش کە من بەووردی چوومە ناو ژیانیانەوە هۆکارەکە زۆر بە دوور بوو لە ئازادی ژنانەوە بیرکردنەوە لە خوودی خۆیان. ژنانی هاندەران زۆر لە ژنانی کوردستان فشاری دەرنی و جەسەدیان لە سەرە بەوەی پیاوان زیاتر توند رەو دەبن نە با ئازادی هاندەران شکست بە دەسەڵاتی پیاوانەیان بێنێ، بە چۆرێک کۆنترۆڵی مادی و مەعنەوی ژنەکان دەکەن کە ناکرێت شایانی قبولّکردن بێت، برادەرێک پەیوەندی کرد لەگەڵم کە یارمەتی بدەم چاو

پێکەوتن بکەم لەگەڵ چەند ژنێکی کوردی جیا بۆوە بەڵێ توانیم پینج ژن ببینم هۆکاری ج یابونەوەیان زۆر جیاواز تر بوولە وەی کە خەڵکان بۆی دەچوون ،سیان لەو پینج ژنە مێردەکانیان لە رۆڵی دووەمی سیکسیدا بوون! خۆشیان کەووتبونە بەر فشاری کۆمەڵگە بە حوکمی ئەوەی کە ئەمانە ئازادی ئەوروپا کاری تێکردون بە دوای هەوەسی سێکسدا کەوتون هەمیشە خوێندنەوەی تاکی کورد بۆ ژن هەر لەو ڕووانگەیەوە مەحکوم دەکرێت لێرەدا ژنەکە دوو جار قوربانیە و پیاوەکەش یەک جار ، ژنەکە بوە قلْغانێک بۆ پاراستنی ئەو پیاوەی کە لە کۆمەڵگە جێی نابێتەوە جارێکی تریش خۆی کەوتۆتە بەر فشاری کۆمەڵگە ، ئەم جۆرە ژنانە گەر بەردەوامی بدەن بە ژیانی هاوسەرگیریان ئەوا کار لە تەندروستی دەکات توشی خەمۆکی و بڕوا بە خۆنەبون و دەردەسەری دەبن و لە دەست دەچن گەر منداڵیشیان هەبێت ئەوانیش بەر دەکەون بۆیە جیابوونوەیان بە باشترین چارەسەر داناوە، زۆریش بە دوور نیە کە ژنانی کوردستان کە هیچ پشتیوانیەکی مادی و معنەویان نیە بۆیە پەنا دەبەنە بەر خۆکوژی چونکە ناتوانن ڕاستیەکە بدرکێنن یان بگووترێتیش نە گوێی لێ دەگیرێ و نە بڕواشی پێدەکرێت. جیابونوەشی قبووڵ ناکرێت لەلایەن خێزانەکانەوە. حاڵەتی خۆکوژی لە ناو ژنانی کوردی هاندەران کەمترە بە بەراورد لە گەڵ ژنانی کوردستان.

لێرەدا ژن بووە قوربانی وهەڵگری نەهامەتیەکانی پیاو ئەوەش بەس نیە لە لایەکی تریشەوە ئەو پیاوانەی کە تووشی لادان دەبن ڕاستەو خۆ کۆمەلگە ناوی دووانی دایکی پێ دەبەخشێ واتە بە ناوی دایکەوە بانگ دەکرێت بە پێچەوانەی ئەمەش پیاوی شایستە کۆمەلگە بە ناوی سیانی بابو باپیرە و نازناوی خانەوادەی باوک بانگ دەکرێت منداڵ لە هیچ حاڵەتێکی پۆزەتیڤ ی بەرەی دایکی بەر ناکەوێت و ناخوێندرێتەوە . لادانیەکەشی تەنها دەخرێتە ئەستۆی دایکەکە .

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شوهرەو سومعەی خێزان پابەندە بە پاکیزەی لەشی ژن و مێینەی خێزانەکان تا ئەو رۆژەی دەدرێتە ئەو پیاوەی کە هەڵبژاردەی خۆیانە، سومعەو شوهرەت پابەند نیە بە کاری دزی و قەتل ... کەواتە ئەوە کۆمەڵگەیە کە چەکەکە دەداتە دەست خێزان بۆ کوشتنی مرۆڤەکانی ڕۆڵی دووەمی پەیوەندی سێکسی چ ژن بن یان پیاو.

کوشتنی ئەم مرۆڤانە زیاتر لە خێزانە بە ناو رۆشەنبیرەکان وسیاسەت مەدارە مارکسیزمەکانە ئەنجام دەدرێت کەمتر لە لە خێزانە ئایننیەکان. ئایا هۆکارەکەی دەگەڕیتەوە بۆ پەروەردەیەکی ئایننی بە پەیڕەو کردنی بنەماکانی قورئان بە بێ لادان. یان گەر لادایتش هەبێت لەوانەیە زیاترو توند تر مەحکوم بکرێن  یان چارەسەری لە ڕێگەی قانون و بنەمای قورئان بدۆزنەوە؟ ئەم  پرسیارە وەڵامەکەی لای مامۆستایان و شارەزایانی ئاینی دەبێت هەبیت.

جا ژن ئەو هەموو سوکایەتیە بە هەست و لەشی بکرێت چۆن دەتوانێت بە ئازادی پەیوەندیەکی دروستی هەبێ لەگەڵ پیاوەکەیدا ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی ئفلیجی خێزانەکانە و کۆمەڵگەش لە پێکهاتەی خێزانە بۆیە ئفلیجە.

کۆمەڵگەی کوردی خاوەنی فەرهەنگیکی شێواوە سیاسەت  وکلتورو ئاینی جۆراو جۆر بە سەقەتی کاریان پێ دەکرێت  خەباتیان لە  پێناو دەسەڵات دا دەکرێت نەک بۆ خزمەت ، .کۆمەڵگەش پێک هاتوە لە چەند گروپێک کە هەر گروپەی خۆی بە چەمکی بیرو باوەرێکەوە هەلواسیوە بە بێ ئەوەی توانیبێتیان لە ژێر سەقفی سیستێمێکەوە بە ڕێوە بچن.

ڕۆشنبیرەکانیش بە دەرنین لە و گۆماوە زۆربەی زۆری قەڵەمەکان کەسانی ئەکادیمی نین ئەوەشی دەگوترێت تەنها سەر قەلەمێکی سەر دیری کتیبێکە بە بێ ئەوەی ئەکادئمیانە ئەرگومێنت و شیکردنەوەیەکی

دروستی بۆ بکرێت یان هەندێ لە قەڵەمەکان لە خزمەت دەربڕینێکی سۆزداری و عشقێک بۆ ئافرەتێک کە هەمان مانای فیلمێکی پۆر دەدات بە بێ ئەوەی هەمان شەرعیەت بدەن بە دایک و خوشک و ژنیان ئەمانیش کار بۆ ئازادی هەوەسی خۆیان دەکەن وەک پیا و دیاردەی ئزدواجیەت و گەندەڵی بە هەموو تاکو چین و توێژێکی کۆمەڵگەوە هەیە و پۆستەکانیش نادرێنە کەسانی شایستە هیچ سەندیکایەکیش نیە بیان خاتە ژێر پرسیارەوە ، هەر بۆیەشە بە بێ خەجاڵەتی هەموو بونەتە کۆیلەی سەرمایە مادیەکانی دەسەڵات.

جار جارەیەکیش تەنها سەرە دێڕێک لە سوچێکی گۆڤارێکدا دەنوسرێت ژنێک سووتا ،مێردەکەی کوشتی ..... ئیتر بە دوایدا ناچن و نابێتە بابەتێکی سەرەکی لە میدیاکاندا تا هوشیاریەکی دروست بدریتە ئەو خەڵکە بۆیە رۆژ لە دوای ڕۆژیش کۆمەلگەی کوردیش ئیفلیج تر دەبێت و قوربانیانی ژنیش زۆر تر دەبێت.

پێم وا بێت ئالێرەدا دە بێ بەس بیت بۆ زۆر گوتنی ستەم دژبە رەگەزی مێینە و نێرینەی رۆڵی دووەم ، دەبیت هەنگاومان بۆ چارەسەرکردن بێت، هەمووشمان بەپرسیارین و بەڵام چۆن و لە کوێ وە دەست پێ بکەین

نیاز عەبدوڵا ڕەش

٢٥نۆڤەمبەری ٢٠١٠

ستۆکهۆلم